**كوماری عیراق**
**هەرێمی كوردستان**
**عیراق**

# بـڕیـار

## ژمارە (3)ی ساڵی 2020

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمـارە (1)ی سـاڵی 2005ی هەمـوارکراو، بڕیارمانـدا بە دەرکـردنی بڕیـاری ژمـارە (1)ی سـاڵی 2020ی پەرلەمـانی کوردستان کە لە دانیشتنی ژمارە (13)ی ئاسایی ڕۆژی 2020/1/12 پەسەندی کردووە:

## بریار
### ژمارە (1)ی سالی 2020
### رۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان
### لە هەرێمی کوردستان - عێراق

پشـت بە حوکمەکانی بـرگەی (1)ی مـاددەی (56) لە یاسـای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردسـتان -عـێراق ژمارە (1)ی سـاڵی 1992ی هەمـوارکراو، بـرگەی (یەکەم)ی مـاددەی (77) لە پەیـرەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردسـتان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (13)ی رۆژی 2020/1/12 ئەم بریارەی خوارەوەدا:

**یەکەم**: ئەم بۆنانەی خوارەوە بە بۆنەی فەرمی بۆ پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت:
1- (17)ی مانگی (11)ی هەموو ساڵێك بە رۆژی زمان و کولتوری پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت.
2- (25)ی مانگی (2)ی هەموو ساڵێك بە رۆژی ڕۆژنامەگەریی پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت.

**دووەم:** پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**سـێیەم:** ئەم بڕیـارە لە رۆژی دەرچـوونیەوە جێـبەجێ دەکرێـت و لە رۆژنـامەی فەرمی (وەقـایعی کوردسـتان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.ریواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

### هۆیەکانی دەرچواندن

بۆ بەفەرمی کردنی بۆنە نەتەوەیی و کولتوریەکانی پێکهاتەی تورکمان، و پتەوکردن و دەوڵەمەنکردنی فرەیی کولتوری لە هەرێمی کوردستان، ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.